# له ئەزمەیەکەوە بۆ ئەزمەیەکیتر !

**دەربارەی پێکهینانی حیزبیکی تازە لو کوردستاندا**

**بەشدار علی**
Bashdar_net@yahoo.com

**خەریکە ئامادەکارییەکان دەکریت بۆ پێکهینانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقیش بڕیاری لەسەرداوە دەبیت ئەم حیزبە پیك بهێندریت.**

**دورست کردنی حیزب بە مەبەستی تەفروو تونا کردنی هەموو ئەو هیز و گروپ و دەسەلات و تارماییە رەشانەی کە دەیانەویت کۆمەڵگا نقومی تاریکی بکەن و خەڵکی کوردستان پلە دوو و ژیر دەستە و کۆیلە بکەن, ئاوات و ئامانجی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانە و چەندین ساڵیشە کارمان بۆی کردووە و ئاواتمان بۆی خواستووە,بەلأم بە گۆرینی ناوەکان دەتوانیت بگەیت بەم ئامانجە؟ ئەوەی ئاشکرایە کە حیزبی عیراق نەیتوانیوە ببێت بە هێزیك و قورسایی و کاریگەری هەبێن بەسەر رووداوەکان و مۆری خۆی بدات لە کۆمەڵگا.بۆچی؟ ئایا حیزبی کوردستانی دەتوانێ ئەم هاوکیشەیە پێچەوانە بکاتەوە؟لە دوایی راپەرینەوە بەتایبەت لە ماوەی 5 ساڵی رابردووەوە زۆربەی هەرەزۆری خەلکی کوردستان لە هەڵسوکەوت و قسە و گفتوگۆکانیان بەرنامە و سیاسەتی حیزبی عیراق دەلێنەوە,بەلأم ئەم حیزبە ناناسێ و بەلایدا ناچێو بە بەدیل و رزگارکەری خۆی نازانێ. چونکە ئەو کەسانەی کە تەعبیر بوونە لەم حیزبە و رابەرایەتی ئەو حیزبەیان کردووە نەیانتوانیوە بەردەوام لەگەڵ خەڵك بن و لە کیشە و گرفتەکانیان نزیك بن.بەڵکو لە چاو تروکانێکدا ئەو کاسانەی کە خۆیان بە ئەسلی ئەو کیشانە پیناسە دەکرد کە رابەری ئەو حیزبە بوون, وون دەبوون جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت.بیگومان خەڵکیش متمانە بەو کەسانە ناکات.ئەمە بەشیك بووە لە کیشەکانی رابردوو و درکی پێکراوە .**

**بەلأم با ئیمە کەمیك لە بنەماکانی دورست بوونی حیزبی کوردستانی وورد بینەوە,با بزانین دەتوانێ واقعیەتی ناخۆشی خەڵکی کوردستان کۆتایی پێ بهێنیت؟وەکو لە بەلاغی ئامادەکارییەکاندا هاتووە لە بەرنامە سەرەکییەکانی حیزبی چاوەروانکراو کار دەکات بۆجیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتیکی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان.کار لەسەر رووخانی دەسەڵاتی میلیشیای و هاتنت گۆری نەزمو نیزامێکی مۆدیرن و هاوچەرخ دەکات,دەیەوێت ببیچتە نارەزایەتیەکانی خەڵك و مافەردی و مەدەنیەکان بە رەسمی بناسێت........ .**

**بەلأم لە ماوەی مێژووی خەباتی حیزبی عێراقدا ریفراندۆم بۆ خەڵکیکوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی ,یە کێك بووە لە بەرنامە سەرەکیەکانی مەکتەبی سیاسی و لە هەموو بۆنە و مناسباتیك دووپاتکراوەتەوە و ریکخراو دورستکراوە و کۆبوونەوە و کۆنفراس و کەمپین بە رێخراوە و توانا و امکانیاتی حیزبیش بۆ بەسەمەر گەیاندنی ئەم بەدیلە خراوەتە گەر,بەلأم تا ئیستا نەچۆتە ناو هاوکیشە سیاسیەکان .**

**من پیم وایە ئەم سیاسەتە  لە رووی تیوری و فیکرییەوە هیچ کەمووکورییەکی نیە تاکو حیزبی بۆ دورست بکریت و ایزافاتی بخریتە سەر ,بەڵکو ئەمە لە رووی جیبەجێ کردنیەوە کەمووکوری هەبووە خاوەنەکانی بەردەوام نەبوونە لەسەری و بە پرۆژەکانیان جێ هێشتوە .**

**لەلایەکی ترەوە کێ هەیە جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵتیکی سەربەخۆی بێ چین و چەوسانەوەی قبولێ نەبێت؟کێ هەیە حەز بە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی ژیان نەکات؟کێ هەیە نەیەوێت بەهرەمەند بێت لە تەواوی وەسائیلەکانی رەفاهیەت و ئامیرەکانی سەردەمەوە؟کێ هەیە نەفرەت نەکات لە لە یاساو دەستوور و کەلتورو فەرهەنگی ئیفلیج و دارزیوی نیو کۆمەڵگا کە گیانی تەواوی خەڵکی وەکو مۆرانە دارزاندووە ...... ئەمانە بەشیك بوون لە سیاسەتە بریار لەسەر دراوەکانی حیزبە کۆمۆنیستی کریکاری عیراق,بەلأم نەگەیشتە خەڵك و یاخود نەتواندرا متمانە لای خەڵك وەدەست بهێنێ.نەك لەبەر ئەوەی کە حیزبیکی عیراقی نوینەرایەتی ئەم ئامانجانەوی کردووە بۆیە خەڵك بەدەوریدا**

نەهات و ئەگەر حیزبێکی کوردستانی نوینەرایەتی ئەو ئامانجانە بکات ئەوا خەڵك بە دەورەیدا دێت و دەبێتە هێزا!پیم وایە ئەمە دورست نیە و هەلآتنە لە واقیعی ئیستای حیزبی عیراق .رێگاکان رۆشنن و تەنها پیویستی بەجێبەجێکردنەوە هەیە .